# ڕێوی و قاز

نوسینی: ماکس فێلتهایس
لە سویدییەوە: هاوڕێیەکی منداڵی سەردەم

١- ڕۆژێکیان قاز بە ڕێگادا دەڕۆیشتو پیاسەی دەکرد، ئاووهەوا خۆشبوو، ئاسمان سامالّ و زەوی سەوزو ئاوی کانی سازگارو شین بوو، بۆیە زۆر دڵی خۆش بوو.



٢- لەناکاو بینی ڕێوی دانیشتووەو پاڵی داوە بە دارێکەوەو هەر دوو دەستی لەیەک ئاڵاندووە.
ڕێوی وتی: «ها چۆنی قازی خۆشەویست، زۆرم برسیەو زۆر حەزیشم لە گۆشتی قازە، دەمێکە تامەزرۆی دەکەم!»



٣- قازیش وتی: «ڕێوی ئاقڵ دەتەوێت بخۆیت؟! بەداخەوە ئەمڕۆ باری تەندروستیم باش نییە، من بەهەڵە شتێکم خواردوە وابزانم دەبێت بڕشێمەوە». ئەمەی وت و دەستی بەسکییەوە گرت.





٤- ڕێوی وتی: «یەع! حەزم لە قازی نەخۆش نییە. خێرا بچۆرە ناو جێگاکەت بنوو با زوو چاکبیتەوە».

٥- قازەکە بەخێرایی بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ، بۆ ئەوەی ڕێوی
بڕوای پێ بکات، چەپکێک گوڵیشی لێ کردەوەو لەگەڵ خۆی بردیەوە.



٦- لەماڵەوە پشوویەکی داو پیاڵەیەک چای خواردەوەو
لە دڵی خۆیدا وتی:
«باشە چی بکەم ئەگەر جارێکی تر ڕێوی هاتەوە؟»





٧- بۆ ڕۆژی دوایی ڕێوی چوو بۆ ماڵی قاز
تا بزانێت چاکبۆتەوە یان نا؟





٨- ڕێوی لە دەرگای داو وتی: «ها هاوڕێی خۆشەویست،
ئێستا چۆنیت؟ باشتری وا نییە؟!»
قاز وتی:«بەداخەوە هێشتا باش نیم و دەبێت بچم بۆ لای پورم،
چونکە جەژنی لەدایکبوونێتی.
ڕێوییە فێڵبازەکەش وتی:«ئاوا! پوریشت هەیە؟
پێم بڵێ پوورت چۆن چۆنییە؟»
قازیش وتی:«پورم قەڵەو گەورەیە».
ڕێوی لە دڵی خۆیدا وتی: «کەواتە سەرەتا پوری دەخۆم.»



٩- پاشان سەیرێکی قازی کردو وتی: «کەواتە لەگەڵتدا دێم».
هەردووکیان پێکەوە کەوتنەڕێ.

١٠- کاتێک کە گەیشتە لای ڕووبارەکە، قازەکە بازێکی داو خۆی هەڵدایە ناو ڕووبارەکەوەو دەستیکرد بە مەلەکردن تا بگاتە ئەوبەری ڕووبارەکە.
ڕێویش هاواریکردو پێیوت: «ئەوە چی دەکەیت؟ تۆ خۆت دەزانی کە من نازانم مەلەبکەم!».



١١- قازیش هاواریکرد: «نازانیت مەلەبکەیت؟ بەداخەوە، کەواتە دەبێت بە تەنیا بچم بۆ لای پورم!»
بەخۆشییەوە چووە ئەوبەری ڕووبارەکەو کەوتە بیرکردنەوە چی بکات تا خۆی ڕزگاربکات لە ڕێوی.



١٢- خاکەنازێکی هێناو لە پێشی ماڵەکەیان چاڵێکی قوڵی هەڵکەند.

١٣- پاشان هەندێک لقەداری خستە سەر چاڵەکە...

١٤- دواتر کەمێک گەڵاو خۆڵی کرد بەسەر لقەدارەکاندا بۆ ئەوەی هەروەک زەوی وا بێت و ڕێوی نەزانێت کە ئەوە چاڵە.





١٥- بەیانی زوو ڕێوی لەخەو هەستاو وەک هەمیشە زۆری برسی بوو، وتی: «ئەمڕۆ قازەکە هەردەبێت بخۆم لەدەستم دەرناچێت». خۆی گورجکردەوەو کەوتەڕێ بەرەو ماڵی قاز.

١٦- قازەکەش فێڵی ڕێوی دەزانی، بۆیە لەپێش چاڵەکە وەستاو چاوەڕوانی ڕێوییەکەی دەکرد. لەناکاو ڕێوی لە دوورەوە بەڕاکردن هاتو هاواریکرد:
«زۆرم برسییە دەبێت ئەمڕۆ بتخۆم». بیری لای خۆی نەمابوو، هێندە بەخێرایی ڕای‌دەکرد بەرەو قازەکە.

١٧- لەناکاودا زەوی لە ژێر پێیدا شکاو کەوتە ناو چاڵێکی قوڵەوە کەوتە هاتو هاوار «یارمەتی.. یارمەتی.. یارمەتیم بدەن.. دەرمبهێنن»، بەڵام هیچ کەس فریای نەکەوت؟





١٨- قازەکەش بەدەم گۆرانی و سەماکردنەوە بەرەوماڵەوە دەڕۆیشتەوە، ئەو شەوە بە ئیسراحەت لێی نووست.



٢١- خێرا چووە ماڵەوە پەتێکی بەهێزو هەندێک خواردنی بۆ ڕێوی هێنا. بەپەتەکە ڕایکێشایە دەرەوەو دەشیزانی کە زۆری برسییە خواردنەکانیشی بۆ دانا بیخوات.





٢٢- ڕێوی خواردنەکانی خواردو زۆر سوپاسی قازەکەی کردو بەڵێنی پێدا کە هەرگیزاو هەرگیز قاز نەخوات و هاوڕێیەکی باشو بەوەفابێت. قازیش زۆر پێی خۆش بوو ڕازیبوو وەک دوو هاوڕێ تاسەر پێکەوە بژین.